# گفتوگۆ لەگەڵ سامان کەریم سەبارەت بە کێشەی نێوان یەکێتیو پارتی لە پەیوەند بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمەوە!

**ئۆکتۆبەر: یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بۆتە مایەی کێشەیەکی سیاسی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیمکراتی کوردستان. ئەم کێشەیە لە نێو خەڵك وە لە نێو ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا باسی زۆر لەسەر دەکرێت. هێڵی گشتی بۆچونەکان لەمبارەوە، ئەوەیە کە کێشەکە لەسەر صلاحیەتی سەرۆکی هەرێمە. ئێوە چۆن ئەم کێشەیە دەبینن؟!**

سامان کەریم: بەبڕوای من تەواوی مەسەلەکە ئەوەیە کە دەیانەوێت خەڵك چەواشەبکەن. ئەگینا تەواوی دەسەلاتێك کە هەیە نەك تەنها لەکوردستان بەڵکو لە عێراقیشدا کاتیەو ئەمە ڕۆشنە. بەم پێیەش تەواوی هێزەکان چ ئەوانەی لە حکومەتو دەوڵەتی کاتیدان وەچ ئەوانەی لە دەرەوەی ئەون، لە ململانێیەکی سیاسی فراواندانو ئاسۆیەکی سیاسیان نیە، بۆ پێکهێنانی دەوڵەتو حکومەت. سویند خواردنی نێو پەرلەمانە عەجایبەکەی عێراقو سڕینەوەی عێراقی دیموکراتیو فیدرالی، نیشانەی ئەوەیە کە ئەم هێزانە هیچیان پابەند نین تەنانەت بە ڕێککەوتننامەی نێوان خۆشیان، کەواتە تا ئێستا ئەوە نەبڕواتەوە کە جوگرافیای کوردستان چی بەسەر دێت، دەمێنێتەوە لەگەڵ عێراق یان نا؟ ئەگەر مایەوە فیدرالیەت قبول دەکرێت یان نا؟ وە تا ئەم مەسائیلانەش لە دەستوری هەمیشەیی دا تاوتوێ نەکرێتو وەلام وەرنەگرێتەوە ئەوا سەرۆکایەتی لە کوردستانو فدرالیەتی قەومیو ڕێککەوتننامەکانی نێوان ئیسلامی سیاسیو هەردوو حزبە دەسەلاتدارەکەی کوردستانو ئەوانی دیکەش، هەمووی کاتینو لە هێزهاوسەنگیی ئەمرۆداو بەپێی فشاری ئەمەریکا مەیسەر بونو حەتمەن گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئیسلامی سیاسی ناتوانێت بە ڕیکەوتنەکانی پێشوو پابەند بێت.

بەم پێیەش ئەم یاسایەو کێشەی ئێستاش لە کوردستان کاتیە یان بە مانایەکی تر لەسەر مەسائیلێك کێشە هەیە کە لە بناغەوە بەپێی دەستورێك کە خۆیان ئیمزایان کردوە کاتییە، بەلاّم خەڵك بەدوای ئارامیو دابینکردنی ژیانو گوزەرانی خۆیەوەیەتیو دەیەوێت کێشەکان چارەسەر بکرێتو هەناسەیەکی ئازاد بکاتو چی تر لەسایەی هەلومەرجی چاوەڕوانیو دڵەڕاوکەدا ژیان بەسەر نەبات، وە ئەمە خواستێکی هەمیشەیی خەڵکەو کاتی نیە.

لە دووتوێی ئەم هەلومەرجە کاتیەدا، ئەوە دروستە کە کێشە لەسەر صلاحیەتیش هەیە، بەلاّم صلاحیەت خۆی چیە؟ دیسانەوە لێرەدا چ ڕاگەیاندن وە چ بەرپرسانی هەردوولا خۆیان لە قەرەی ئەم مەسەلەیە نادەن کە کرۆکی کێشەکەیە، هەروەك چۆن قسەیەك ناکەن لەسەر ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا. من پیم وایە کە بناغەی کێشەکە کێبەرکێیەکی سیاسیە لە پەیوەند بە دەسەلاتەوە لە کوردستان، ئەوەی پارتی داوای دەکات، ڕۆشن دیارە دەلێ کوردستان بۆمن چونکە سەرۆکی عێراق بۆ یەکێتی بوە، ئەوەی یەکێتی داوای دەکات، دەلێ سەرۆکایەتی عێراق کاتیە، بۆیە پێویستە ئەوەی کوردستانیش کاتی بێت. مەسەلەکە ئەوە نیە کامیان لەسەر حەقن، چونکە ئەگەر بەپێچەوانەشەوە بوایە هەر وا دەبوو، واتە ئەگەر سەرۆکی عێراق بۆ پارتی بوایە، ئەوکات ئێمە پرۆژەکەی یەکێتیمان بە ئیمزای پارتی دەبینیو پرۆژەکەی پارتیش بە ئیمزای یەکێتی، بەڵکو کێشەکە لەبناغەوە ئەوەیە کە ئەم دوو هێزە لە شێوەی کێبەرکێی سیاسیدا لە ئێستادا درێژە دەدەن بە ململانێ لەسەر ساغکردنەوەی دەسەلاّتی سیاسی لە کوردستاندا. فیفتی فیفتی دوێنێ ئەمڕۆ هەم لە پەرلەماندا هەیە، هەم لەئاستی سەرۆکایەتی عێراقو کوردستانیشدا. ئەم کێبەرکێیە هیچ پەیوەندییەکی نیە بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە بەلاّم برەو پێدانو چونە سەری زیاتریو قوڵبونەوەی وەك هەمیشە وابوە زەربە دەدات لە خەڵکی کوردستان.

**ئۆکتۆبەر: ئێوە دەڵێن کە ئەم کێبەرکێیەی نێوان یەکێتیو پارتی لەپەیوەند بە یاسای سەرۆکایەتی هەریمەوە، پەیوەندی نیە بە خەڵکی کوردستانەوە، بەلاّم کەم نین ئەو کەسانەی کە چاوەڕێی ئەوەن کە بە زوویی هەر دوو ئیدارەکە یەکبگرنەوە. ئایا ئەمە مانای ئەوەنیە کە ڕێککەوتنی ئەوان و زاڵ بون بەسەر ئەو کێشانەدا لە بەرژەوەندی خەڵکدایە؟**

سامان کەریم: لەم مەسەلەیەدا هەردوولا وە ڕاگەیاندن بە گشتی، چەواشەکارییەکیان دروستکردوە، ئەویش ئەوەیە چوارچێوەی گشتی باسو لێکدانەوەکانیان لەسەر کێشەو ململانێی نێوان یەکێتیو پارتی کردۆتە رای گشتی یان دەیانەوێت ئەو کارە بکەنو مەسەلەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە بکەنە سەرنتەری خواستی خەڵك. بەلاّم بناغەی مەسەلەکە چیە، هەردوو یان هەر 3 پڕۆژەکە چ بەرژەوەندییەکی تێدایە بۆ خەڵکی کوردستان، ناوەڕۆکی پڕۆژەکان چیە؟ هەموو ئەمانە جێگایان دیار نیە. من دەڵێم لە پەیوەند بە صلاحیەتەکانی سەرۆکەوە وە لە پەیوەند بە تەواوی هەردوو پڕۆژەکەوە، هیچ کام لە پێشنیارەکان، بە زەڕەیەك نەهاتۆتە سەر ئەو مەسائیلانەی کە پەیوەندی هەیە بە مافو داواکاری خەڵکی کوردستانەوە، بەلاّم سەرۆکی هەرێم هەموو صلاحیەتێکی هەیە بەرپرسی یەکەمی مالیو عەسکەریو ئەمنیو ئیداریو... ئەمە زیاتر لە دنیای ئەمڕۆدا لە سەرۆکی قەبیلەو ئیماراتەکانی ڕابوردوو دەچێت. صلاحیەتێك کە لەهەردوو پرۆژەکەدا هەیەو دەتوانیت بیخەیتە ژێر تایتلی سزاو سەرکوتی خەڵکی کوردستانەوە، صلاحیەتی سزای ئیعدامە، هەر دەستورو پڕۆژەیەك ئەم بەندەی تێدابێت تاکو سەر کۆنەپەرستو دژ بە خەڵکە لە هەرکوێی دنیا بێت. خەڵك بۆچی ڕوخانی دەسەلاّتی صدام حسینی زۆر پێخۆش بوو؟ بەتایبەت خەڵکی کوردستان، خۆ مەسەلەکە هەر ئەوەنەبوو، ئەو زمانەکەی عەرەبی بوو، بە لکو چونکە دەسەلاّتی ئەو دەسەلاّتی ئیعدامو تاوانو تەفرەقەی قەومیو سەرکوتی مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکان بوو. ئەنفالو ئیعدام لە باری

ناوەڕۆکەوە چ فەرقیکیان هەیە. هەردوکیان سیاسەتی لەناوبردنی ئینسانن، ئەمیان فراونترو گەورەترە، ئەویان بەتاك تاك یان لە ڕۆژیکدا دەیان کەس ، خۆ ئەکەر حالەتی جمهوری ئیسلامی وەربگرین، ئەوا ئەنفالی صەدامو ئیعدامی خومەینی کە زیاترە لە سەدو پەنجا هەزار ئیعدامە هیچ جیاوازییەك نامێنێت. بۆیە پێویستە رای خەڵك بچێتە سەر ناوەرۆکی پرۆژەکانو ئەمەیان خاڵی سەرەکیەو پەیوەندی هەیە بە ژیانو گوزەرانو مافە ئینسانیەکانیانەوە. ئەو کێشەیەی کە ئێستا هەیە کێشەو ململانێیە لەسەر دەسەلاتی کوردستان لە نیوان هەر دوو حزبداو پەیوەندی نیە بە مافو خواستو گوزەرانی خەڵکی کوردستانەوە. لایەنێکی گرنگی تر ئەوەیە کە بەرنامەی سەرۆکی هەرێم چیە؟ لە هەر وولاتێکدا کە سەرۆك هەلدەبژێردرێت پێش هەرشتێك بەرنامەی خۆی ڕادەگەینێت بەپێی ئەو کێشەو مەسائیلانەی کە لە نیو کۆمەلگاکەیدا هەیە، لیرە ئەوە ڕۆشنە کە دەوڵەت نیە، بەلاّم مادام باسی سەرۆك هەیە بەرنامەی سەرۆك کوا؟ چی دەلێت بەرانبەر بە کۆسپە گرێییەکانی خەڵکی کوردستان؟ بەرانبەر مافی جیابونەوەی کوردستان و ریفراندۆم چی دەلێت؟ بەرانبەر بە ئازادییە سیاسیو مەدەنیەکان دەلێت چی؟ لەبارەی کێشەی ڕیگاو بانو نەبونی شەقامی پێویست لە شارەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆك دەلیّ چی؟ لە بەرانبەر کێشەی ئاوو کارەبا دەلیّ چیت؟ ئەی لەبەرانبەر موچەی کەمی مامۆستایانو کرێکارانو فەرمانبەراندا دەلیّ چی؟ وەلامی چیە بۆ گرانی ئەمرۆ؟ بەرانبەر بە گەندەلیو فرۆشتنی هەموو کوردستان دەلی چی؟ ئەی لە بەرانبەر سیستمی خویندنو دواکەوتویی سیستەمی خویندن لە قوتابخانەو زانکۆکاندا دەلیّ چی؟ ئەی لە بەرانبەر یاسای ئەحزابو ڕیکخراوە پیشەییو جەماوەریەکاندا چی دەلێت؟.... ئەمانە هەمووی مەسەلەی گرنگی خەڵکی کوردستانە لەم رێگایەدا شاهیدی چەندین خۆپیشاندانو نارەزایەتین لە شارەکانی هەولێرو سلێمانیو ڕانیەو کەلار... مەسەلەکە بۆ خەڵکی کوردستان صلاحیەتی سەرۆك نیە، بەڵکو ئەوان چیان بەردەکەوێتو مافو داواکانیان بەکویّ دەگات؟ ئەوە بۆ خەڵك گرنگە، وەبەم مانایە خەڵك دەتوانێت صلاحیەت بدات بە سەرۆك یان نا، ئەگینا هەر جۆریکی تر بکەوێتەوە ئەوەیان صلاحیەتێکە کە هەردوو حزب داویانە بە سەرۆکی هەرێم، نەك خەڵکی کوردستان. ئەوە پێویستە ڕۆشن بێت کە دەبێت خەڵك بزانێت سەرۆکەکەی چی بۆ دەکات وە بۆ دەنگی بۆ دەدات، ئەگەر نا، ئیتر ئەوە حوکمی قەبیلەیەو هیچ پەیوەندییەکی نیە نەك بە دیموکراتیەك کە باس دەکرێت بەڵکو بە شارنشینیشەوە. کەواتە کەی پرۆژەیەکیان هێنا و مافو خواستەکانی خەڵکی کوردستان دابین بکات بە پیّی دەستور، ئەوکات ئیمەش باسێکی ترمان دەبێتو قسەی خۆیمانی لەسەر دەکەین.

**ئۆکتۆبەر: بەلاّم بەقسەی راگەیاندنەکان گوایە خەڵك دیسان داوای کۆبونەوەی پەرلەمان دەکات بۆ چارەسەری کێشەی نێوان یەکێتیو پارتی؟**

سامان کەریم: لە کویّ وایە، کوا خۆپیشاندانی خەلك، کوا کۆبونەوەی خەڵك و خواستی کۆبونەوەی پەرلەمان لە ئارادایە. من دەزانم ڕاگەیاندن وە بەتایبەت ڕاگەیاندنی هەردوو حزب، دەیانەویّ سەرنجی خەڵك لەسەر مەسائیلە گرێی یەکان لا ببەنو بیانکەنە حەلقەی زیادەی سیاسەتو پرۆژەکانی خۆیان، بەلاّم ئەوە ئیتر خەڵك نیەو سیاسەتی هەردوو حزبو دەزگاکانی ڕاگەیاندنیانە، بەبڕوای من نەك تەنها خەڵك داوای لەو چەشنەی نیە، بەڵکو گاڵتەیان بەو قسەیە دێت کەباسی ڕۆلی پەرلەمان دەکرێت لەم کێشانەدا، ئەوان تەجروبەی 10ساڵی ڕابوردویان هەیە لە بوونی پەرلەمانو تەجروبەی دووساڵ لە حکومەتی یەکگرتوش. دیسان دووبارەی دەکەمەوە مەسەلەکە بۆ خەڵکی کوردستان کۆبونەوەی پەرلەمانو یەکگرتنی ئەوان نیە، بەڵکو دابینکردنی خواستو ویستی خەلك خۆیەتی.

بەلاّم بەراستی ئەوە پەرلەمانەو ئەندامەکانی نوێنەرانی خەلکن؟ پەرلەمانیك کە بە ئەمری مەکتەبی سیاسیو سەرۆكو سکرتێری هەردوو حزب نەبیت نەتوانێت فزە بکات، کوێی پەیوەندی بەخەڵکەوە هەیە، بەبڕوای من پەرلەمان ئەمە بۆ چەندهەمین جارە کە گاڵتە بەو کەسانە دەکات کە دەنگیان بۆ دەدەنو هیچ حسابیك بۆ دەنگدەرانیش ناکەن چ جا بگات بەوەی کە خەریکی ئەوە بن کە مافو خواستەکانیان دابین بکەن، پیم وابیت ئەم پەرلەمانەی کوردستان دەنگدانی خەڵکی پێویست نیە. ئەوان بەخەڵك دەلین دەنگمان بۆ بدەن، بەلاّم هیچ حسابیکتان بۆ ناکەین، بۆیە ئیتر دەنگدانو صندوقی هەلّبژاردنو لیستو لیستکاری هەمووی پروپاگەندەو زیادەیە. ئەم پەرلەمانەی کوردستان، لیژنەی هاوبەشی بەرپرسانو کادرانی یەکێتیو پارتیەو هیچی تر. بۆیە مەسەلەکە بەپێچەوانەوەیە پەرلەمان ناتوانیت هیچ بکات، ئەوەنیە چاوەڕێی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانین بۆ ئەوەی بگەرێتەوەو ئەوکات ئەگەر بوار هەبوو ڕیکبکەون، کەواتە دەبیت هەردوو حزب ڕیك بکەون ئینجا پەرلەمان ڕیك دەکەوێتو دەتوانیت کۆبونەوە بکات. بۆ خەڵك ڕۆشنە کە 10ساڵی ڕابوردو لەکوردستان پەرلەمان هەبوو، ئەی چیان کرد بەرانبەر شەڕی ناوخۆ، بەرانبەر ئاوارەیی دەیان هەزار کەس لە هەولێرو سلێمانیو ناوچەکانی دیکە، ئەی چیان وت بەرانبەر هاتنی سوپای عێراق بۆ هەولێر ئەی چیان کرد بەرانبەر بە هاتنی سوپای ئیران تا کۆیە، ئەی بەرانبەر سوپای تورکیاو... .؟ بۆیە خەڵك گالتە بەو باسانە دەکات کە پیّی بلیّیت پەرلەمان کارێك بکات.

تەواوی مەسەلەکە ئەوەیە، کە خەڵکی کوردستان، ڕوبکاتە بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەرژەوەندی خەڵك ئەمرۆ بۆخۆیان زۆر ڕۆشنە، لە جیابونەوەی کوردستانو پیکهێنانی دەولّەتەوە بیگرە، تاکو مافە سیاسی و مەدەنیەکانو تاکو باش بونی ژیانو گوزەرانیان، خەڵك لەم پێناوەدا هاتۆتە سەرجادە، گرنگ یەکگرتوو بونو ڕێکخراوبونیەتی بە دەوری ئەو مەسائیلانەی خۆیدا، هەر هێزو لایەنێك کە ڕوبکاتە ئەم مەسائیلانەو خەریکی چارەسەری مەسائیلەکانی خەڵك بێت، حەتمەن دەبێتە جێگای پێشوازی خەڵکی کوردستان.